

# ڕۆزا لۆکسمبۆرگ

## سەبارەت بە ساڵی ١٧٩٣

ناونیشان: ساڵی ١٧٩٣ 'L’année 1793'

وەرگێرانی لە فەرەنسیەوە بۆ کوردی: ماکوان کەمال

پیاچوونەوە و بەراووردکردن: هاوڕێ

ڕوونکردنەوە: ڕۆزا ئەم وتارەی لە ساڵی ١٨٩٣ بۆ یادی سەد سالەی ڕووداوەکانی ١٧٩٣ی پاریس نووسیوە لە گۆڤاری Sprawa Robotnicza 'دۆزی کرێکاریی' بڵاوی کردۆتەوە. گۆڤاری دۆزی کرێکاریی لەو کاتەدا لە پاریس دەردەچوو، و بەنهێنی لە وڵاتی پۆڵندا بڵاو ئەکرایەوە. سەرەنجام ئەم نووسینەی رۆزا لە ١٥ جەنیوەری ٢٠٠٩ لە لایەن مێژوو نووسی پۆڵندی 'فلیکس تیش' Feliks Tych وەک بەڵگەیەکی دۆزراوە لە نووسینەکانی رۆزا, لە رۆژنامەی L’Humanité 'مرۆڤایەتی' لە وارشۆ بڵاکرایەوە.

---

# ساڵی ١٧٩٣

رۆزا لۆکسمبۆرگ

١٨٩٣

سەد ساڵ تیپەڕ دەبێت بەسەر ساڵی ١٧٩٣ کە دوژمنانی چینی خەڵکی کرێکار؛ تزارەکان، پادشاکان، خانەدانەکان، شازادەکان، خاوەن کارگەکان، وە هەموو سەرمایەدارەکانی تر. ناتوانن بیر لەو دەمە بکەنەوە، و نەترسن و نە تۆقن. هەرکات وشەی "ساڵی ١٧٩٣" بەکاردەهێنرێت گیانیان دێتە لەرزین! ئەم ترسەیان بۆ؟

لەبەر ئەوەی لەم ساڵەدا، چینی کرێکار لە فەرەنسا و بەتایبەتی لە پاریسی پایتەخت دەستیان کرد بە ڕاماڵینی هەموو ئەو هەرەمە (پادشاییانە)، و کۆتایی بە چەوساندنەوە و تەوقی سەد ساڵە هێنا، وە سەرەتای دەسپێکردنەوەی ژیانێکی نوێ و ئازاد بوو.

## پێشبینی یەکەمین هەنگاوی شۆڕش

بۆچی جەنگام؟ بۆچی خوێنی خۆمم بەخشی؟ ئەم پرسیارانەیان لە خۆیان دەکرد خەڵکی فەرەنسی، وە لە داهاتووی خۆیانیان دەپرسی!

ئایا بۆ ئەوە سنگمان نا بە ڕووی فیشەکی سەربازەکانی پاشا؟ ئایا تەنها بۆ ئەوە بوو کە دیکتاتۆرێک بڕوخێنین و دانەیەکی دیکە بخەینە شوێنی؟ بۆ لەناو بردن و دەرهێنانی لە بناغەی دەسەلاتی خانەدانەکان، وگۆڕینی بۆ دەسەلاتی بۆرژوازی؟

بۆیە جارێکی تر خەڵکی پاریس لە ١٠ی ئۆگوستی ١٧٩٢ دەستیانکردوە بەخەباتێکی نوێ، ئەمە دووەمین شۆڕش بوو 'شۆڕشی خەڵک' لەم ڕۆژەدا خەڵک هەڵیانکوتایە سەر کۆشکی پاشائیەتی و شارەوانی، وە گرتیان. لەبەر ئەوەی بۆرژوازیەکانیش سوودیان لە لاوازی دەسەلاتی پادشا وەرگرتبوو، هەموو لایەنی کارگێری ولات لەژێر دەستیاندا بوو، وە بەرژەوەندیەکانیان لە پاڵ بەرژەوەندی پادشادا بوو، وە ئەوانیش دژی خەڵک بوون، بۆیە هەر لەهەمان ڕۆژدا خەڵک هەڵیان کوتایە سەر شارەوانی و کارگێری پاریس و لە بۆرژوازیەکانیان پاک کردەوە. لەبەر ئەوەی دەسەلاتی کارگێڕیش دەستی بەسەردا گیرا، بۆیە خەڵکی شۆڕشگێڕ ناچاریان کردن لە سپتێمبەری هەمان ساڵدا ١٧٩٢ ئەنجومەنێکی نویی نیشتمانی درووست بکەن و لەهەمان کاتیشدا کۆماری

ڕاگەیەنن بۆ ئەوەی کاروبارەکان بەڕیوەبەرن. هەرچەندە ئەگەر فشار و هێزی خەڵک نەبوایە پیدەچوو ئەم ئەنجومەنە نوێیەش کارێکی وای نەکردایە. لەبەر ئەوەی زۆرێک لەو ئەندامانەی ئەنجومەنی نیشتیمانی نەیاندەویست ئەو گۆڕانکاریانە بچەسپێنن کە لەلایەن شۆرشی ۱۰ی ئۆگوستەوە چەسپێنرا بوو، وە لەسەری ڕێکەوتبوون. ئەو گروپەی کە دەیوویست بەرهەڵستی ئەو گۆڕانکاریانەی شۆڕش بکات بریتی بوو لە گروپی گیرۆند **Gironde** کە لەدژی دەسەلاتی شۆڕشگێری شارەوانی(کۆمۆن) پاریس بوو، وە لەگەڵ هیچ گۆڕانکاریەک و ڕیفۆرمێکی ئابووریدا نەبوون کە لە بەرژەوەندی چینی کارگەر تەواوبێت. تەنها گروپێکی کەمینە کە بەرگری لە چینی کرێکار دەکرد بریتی بوو لە گروپی چیا **Montagne** . ئەم گروپە دڵسۆزانە بەرگری لە مافەکانی چینی کرێکار دەکرد. وە ماوەیەکی زۆریش لەگەڵ (گیرۆند) لە ئەنجومەنی نیشتیمانی مانەوە، بەڵام کێشەی گروپی چیا ئەوە بوو کە لە ئەنجومەنەکەدا کەمینە بوون و نەیان دەتوانی هەموو یاسایەک تێپەڕ بکەن.

## کەوتنی گروپی گیرۆند **Gironde** بەهێزی خەلک لە ۳۱ی مەی و ۲ی جونی ۱۷۹۳

باتەماشایەکی چینی کرێکار بکەین کە لەو ماوە کەمەدا دەسەلاتی گرتە دەست، بەرپرسانی خەڵک و کەسانی بەڕیوەبەری دامودەزگاکانی حکومەت و هەروەها کروپی چیا **Montagnard** ئەمانە پێکەوە کاریان دەکرد، و لەگەڵ ئازاد بوونی تەواوی ئابووری کۆمەڵگە بوون. ئەم بیرۆکەشیان لە جێبەجێکردنی یەکسانیەکی تەواوی ئابووریەوە وەرگرتبوو، هەموو ئەکت و باسەکانیان لەسەر یەک بیرۆکە بنەمای داکوتابوو: لەناو کۆماری گەلدا نابێت نە دەوڵەمەند هەبێت نە هەژار. کۆمار گەل بەو واتایە بوو کە دەسەلات هی گەلە هەر کاتێکیش گەل پشتی بەست بە دەوڵەمەنداکان و بە لایەنی ئابووری کۆنترۆڵ کران، ئەوا ئەوکات شتێک نابێت بە ناوی دەسەلاتی گەل و کۆماری گەل کە بە ناوی **Republigue poulaire** بوو.

### بەڵام ئایا چۆن یەکسانی ئابووری بۆ هەموو لایەک دەستەبەر بکەین؟

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، پارتە کرێکارییە (سۆسیال دیموکراتیەکان) لە هەموو وڵاتانی جیهان درووشمێکیان هەیە وەکو گەشتن بە ئامانجەکانیان: ئەویش یەکسانی ئابوری بۆ هەمووان.

بێگوومان بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە داوا دەکەن کە خاوەنداریەتی تایبەتی**La propriété privé** بەهەموو شێوەیەک بسڕێتەوە لە هەموو پنتەکانی وڵاتدا و لە هەموو کایەکانی کاردا؛ خاوەنداریەتی

زەوی، کارگە، وەرشە، وەهەروەها...، ئەم خاڵانەی کارکردن دەبێت بگوازرێتەوە بۆ دەستی چینی کرێکار.

***پارتی چیا*** هەوڵیدا ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی دی چارەسەربکات، هەندێکی کەم لە ناو ئەم پارتە و هەروەها لەناو ئەندامانی ***پارتی کۆمۆندا*** هەمان ئەو بیروبۆچونانەی سۆسیال دیموکراتی ئەمڕۆیان هەبوو، تەنها هەندێک دەنگی کەم بوو کە ئەوانیش ونبوون لە زۆرینەدا، تەنانەت ئەو دەنگە کەمانە لە ناو پارتەکانی خۆشیان لە پاریس، گوێیان بۆ نەدەگیرا تا بۆچوونە ( سۆسیاڵ دیموکراتەکانیان) دەرببڕن؛

پارتی کۆمۆنی پاریس کە بە پرۆلیتاریا ناسرابوو؛ بەلام نە ئەوان نە پارتی چیا هیچ بیرێکیان لە سڕینەوە و نەهێشتنی خاوەندارییەتی تایبەتی نەدەکردوە لە پنتەکانی وڵاتدا. ئەم پارتانە دەیانویست یەکسانی ئابووری جێبەجێ بکەن بە پێدانی موڵکێک بە هەموو ئەو فەرەنسیانەی کە هیچیان نەبوو، واتە پێدانی خاوەندارییەتی تایبەتی بەو کەسانەی کە هیچیان نەبوو. تەنها بەیەک وشە ئەویش نە پارتی پرۆلیتاریای پاریس و نە پارتی چیا بەهیچ شێوەیەک سۆشیاڵیست نەبوون.

پێش هەرشتێک سەد ساڵ لەمەوپێش فەرەنسا هەروەک وڵاتانی تر، پرۆلیتاریا بەشێکی بچووکی خەڵکی کرێکار بوون، جووتیارەکان زۆرینەی خەڵکی فەرەنسایان پێکدەهێنا، کە ئەوانیش ڕازیبوون بەو دەسکەوتانەی کە لەسەردەمی شۆڕشدا بە دەستیان هێنابوو. وەک ئەوەی باسمان کرد؛ لەنێو ئەوکەسانەی کە بەرهەمهێنەری سەر زەویوزار بوون، تەنها ئەوانە دەیان توانی زەوی بکڕن کە دەوڵەمەند بوون. زۆرێک لە پاڵەکانی سەرزەوی کشتووکاڵی فەرەنسا لەگەڵ خاوانداریەتی گشتی سۆشیاڵیستیدا نەبوون، تەنها دەیانویست ڕێژەی ئەو پشکانەی کە هەیان بوو لەگەڵ خاوەندارەکانی زوویدا، بەرزبێتەوە و زیاد بکات، تەواو و هیچی دیکە. گروپی چیا دەیانوویست هەموو ئەو زەویانەی کە نەفرۆشرابوون و بێکەڵک بوون، لەدەستی خانەدانەکان و پیاوانی ئاینیدا بوون، بدەن بە پاڵەکان. کاتێک کە گروپی چیا پێشتر لەگەڵ ئەندامانی ئەنجوومەندا ڕێکەووتنیان کردبوو کە هەموو زەویە وشک و گژوگیاووی و بەردەلانەکان بکەویتە دەست شارەوانی، هەر ئەوانەش دابەش بکرێت بەسەر جووتیارە پاڵەکاندا. لێرەوە ڕاستی جیاوازی گروپی چیا و سۆشیالیستەکان دەرکەووت.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، سەرەڕای هەوڵەکانیان گروپی چیا نەیانتوانی ئەو مەیلە باشانەیان بهێننەدی کە: یەکسانی ئابووری بوو بۆ هەمووان. ئەم ئیلهامانەی ئەوان لەو کاتانەدا کارێکی مەحاڵ بوو. لە لایەکی ترەوە ئەو چارەسەرانەی کە باکاردەهێنران، هیچ نەبوون تەنها ئەوە نەبێت کە بۆ ماوەیەکی

کەم سەرمایەداری دووربخاتەوە لە گەشەی خۆی. بەو واتایە ئەمە خۆی گەورەترین نایەکسانی ئابووریە.

هەرچەندە هەتا ئەوکاتەی گروپی چیا کاریان بەدەست بوو، ولات لە ڕووی ڕێکخستنی ئابووریەوە ڕێک بوو، وە بەتایبەت خەڵکی پاریس دوورخرابوونەوە لەوەی کە لە برساندا بمرن. ئەو ئامرازانەی کە گرتبوویانەبەر بریتی بوون لەمانە؛ دانانی نرخی نان و خواردەمەنی، قەرز وەرگرتن لە دەوڵەمەندەکان بەزۆر بەتایبەت لە پاریس، دەسەلاتی دەزگایی دەوڵەت نانی دەکڕی و بەنرخێکی هەرزان دابەشی دەکردەوە بەسەر دانیشتواندا،... بەڵام ئەمانە چەند شتێکی ڕووکەش بوون لە ناو ئابووری فەرەنسادا. ئەمانە تەنها بۆ ڕزگار کردنی خەڵکی بوو لەو بارە قوورسە ئابوورییەی کە تێیدا بوون، ئەگەر نا شتێکی ئەوتۆش نەبوو. ئەگەر چی یەکێک لە هەوڵە جدیەکانی گروپی چیا، پێدانی زەووی کشتوکاڵی بوو بەو کەسانەی کە ئارەزووی کشتوکاڵ و چاندنی بەروبومیان دەکرد، بەڵام ئەمەش کۆتایی هاتبوو و تەواوبوو بوون. یەکسانی ئابووری ماوەیەکی نەخایاند لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا، سیستەمی سەرمایەداری فەرەنسا هەمان پێگەی ئابووری هەبوو وەکو ولاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، فەرەنسا دەبوو باناچاری بەوەدا تێپەڕیت کە خاوەنداریەتیە بچووکەکان بگۆڕێن و ببنە پرۆلیتاریا، و لەلایەکی ترەوە هەموو خاوەنداریەتیەکان، بە خاوەنداریەتی زەویشەوە کۆبکاتەوە و ڕێکیان بخاتەوە پێکەوە لە دەستی هەندێک دەوڵەمندی کەمینەدا.

لەدوای کەوتنی گروپی کۆمۆن و چیا، خەڵکی پاریس کە برسی کەوتبوون دەستیان کرد بە ڕاپەڕین دژی پەرلەمان و دەسەلات، داوای"نان و دەستووری١٧٩٣" یان دەکرد. هەرچەندە ئەم هەستانەوانە زۆر کاریگەری نەبوو، بەڵکو وەک کڵپەی ئاگرێک وابوو زوو دادەمرکایەوە. هێزی چینی خوارەوە پرۆلیتاریا تەواو بێهێز بوو بوون.

بەهەمان شێوە پلانە ڕێکخراوەکانی ***بابۆفی سۆشیاڵیست*** لە ساڵی ١٧٩٦ تەنها بریتیبوون لە وەستانەوە دژی حکومەت بۆ ئەوەی دەستورێکی سۆشیالیستی دابنرێت، بەڵام سەرینەگرت و بێئەنجام بوو. ***بابۆف*** باش لەوە گەشتبوون کە یەکسانی ئابووری یەک ناگرێتەوە لەگەڵ خاوەنداریەتی تایبەتی کە ئەو دەیوویست بە سۆشیاڵیستی بکات، سەرباری ئەوە بابۆف و هاوڕێکانی لەمەدا بەهەڵە چووبوون کە دەیانوویست بە شێوازی پلان و کودەتا ئەوە بچەسپێنن و پەیڕەو بکەن لە فەرەنسادا. ***بابۆف*** و هاوڕیاکانی لە ساڵی ١٧٩٦ کەمتر سەرکەوتوو تر بوون لە ***پارتی چیا*** ی پێشتر، بۆیە پرۆژە سۆشیاڵیستیەکەی ئەو هەر بە خونچەیی وشک و تێکشکا.

هەوڵەکەی بابۆف تەنها توانی کە بۆ ساتێکی کەم چینی بۆرژوازی فەرەنسا بلەرزێنن، کە بەردەوام لە دەوڵەمەند بوون و گەورە بووندا بوون، وە خەریک بوو "ترس و تۆقینی ساڵی ١٧٩٣" یان بیردەچوویەوە. بێگومان ئەوە ئەو بوو نەک پرۆلیتاریا کە خەریک بوو بەرهەمی شۆڕشی فەرەنسا بچنێتەوە.

پێشتر بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن **گروپی چیاوە** بەرامبەر بە خانەدانەکان "نۆبڵەکان" هیچی لەگووزەرانی پرۆلیتاریا نەگۆڕی جگە لەوەی خزمەتی کرد بە چینی بۆرژوازی. زۆرێک لە موڵک و ماڵی دەوڵەتی و گەورەکان فرۆشران و کەوتنە دەستی چینی بۆرژوازی، هەژارکەوتنی چینی پیاوە ئاینی و نۆبڵەکان هیچ نەبوو جگە لە بەهێز بوونی هێزی ئابووری، کۆمولایەتی، وسیاسی چینی بۆرژوازی فەرەنسا.

کاریگەرییە کۆمەڵایەتییە ڕاستەوخۆکانی شۆڕشی فەرەنسی چی بوون لە ئێستادا کە سەدەیەک دوای ئەو شۆڕشەیە، بەڕوونی کاریگەریەکانی ئەو " شۆڕشە گەورەیە " دەبینین . بێگومان ئەم شۆڕشە چینی بۆرژوازی لەسەر کورسی دەسەڵات دانا، بەڵام دەسپێکردنی سەردەمی بۆرژوازی هاوتەریب و جیانەکراوەیە لەگەڵ گەشەی پرۆلیتاریادا.

ئێستا بەڕوونی دەبینین کە چۆن چینی بۆرژوازی سەرکەوتن بەسەر سیستەمی دەرەبەگیدا 'نۆبلایەتی' لە پاش کەوتنیان.

پرۆلیتاریای فەرەنسا زۆر زوو هەوڵیدا کە بۆرژوازی هەر بە زەرنەقووتەیی بنێژێت لە ساڵی ١٧٩٣دا، بەڵام سەرەنجامەکەی کوشندە دەرچوو بۆ خۆی. دوای سەد ساڵ لە فەرمانڕەوایی، بۆرژوازی لە بێهێز وون و لاواز بووندایە ساڵ لەدوای ساڵ، بەڵام لەگۆڕنانی ئەم پیرە خراپکارە سەرمایەداریە، لە ئێستادا بۆ چینی پرۆلیتاریا جێگای بایەخ نییە، لەدوای ئەوەی کە پرۆلیتاریا هەموو هێزوتوانای خۆی بەکارهێنا بۆ لەناوبردنی بۆرژوازی لەکاتی خۆیدا. ***( رۆزا لۆکسمبۆرک ئەم وتارەی لە ساڵی ١٨٩٣ نووسیوە کە دەکاتە ٢٢ ساڵ دوای شکستی شۆڕشی پرۆلیتاریایی کۆمۆنی پاریس لە ساڵی ١٨٧١دا، لێرەدا مەبەستی ئەم شکستەی پرۆلیتاریایە. وەرگێر).***

لەکۆتایی سەدەی ڕابردوودا، پرۆلیتاریا کەم بوو، فۆرمێکی ئاگایی ڕێکخراوەیی نەبوو وەک ئەمڕۆ، نەبوونی ئەو ڕێکخراوەییە وای کرد کە پرۆلیتاریا ونبێت لەناو وردە بۆرژوازیدا، بەڵام لە کۆتایی ئەم سەدەیەی ئێستادا، پرۆلیتاریا بەتەواوەتی بووەتە پێشڕەوی هەموو چینی کرێکار لە هەموو وڵاتە گەورە گرنگەکاندا، و بەتەواوەتی سەرکەوت بەسەر بۆرژوازی بچووک لەناو شارەکاندا، بەم نزیکانەش توانیویەتی کە ڕەنجبەرانی لادێ کۆکاتەوە لەخۆی.

لە سەردەمی شۆڕشی گەورەی فەرەنسی، کەسایەتییە گرنگەکان لەگەڵ بۆرژوازیدا بوون. لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا، زۆرینەی ئەو کەسایەتیە بەتواناییانەی کە دەرهاویشتەی چینی بۆرژوازیی بوون (واتە توێژی بیرمەندەکان)، لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا وەرچەرخاوون و لە پاڵ پرۆلیتاریادان.

لەکۆتایی سەدەی ڕابردوودا، سەرکەوتنی بۆرژوازییەت بەسەر دەرەبەگایەتیدا "نۆبلیستیدا" پێویستییەکی مێژووی بوو، بەهەمان شێوە ئەمڕۆ سەرکەوتنی پرۆلیتاریاش بەسەر بۆرژوازیدا پێویستییەکی مێژووییە.

بەڵام سەرکەوتنی پرۆلیتاریا واتای سەرکەوتنی سۆشیالیزمە، سەرکەوتنی یەکسانی و ئازادیە بۆ هەموان. و یەکسانی ئابووریی *(کۆتایی سیستەمی چینایەتی. وەرگێر)*. سەدەیەک پێش ئێستا ئەمە تەنها خەونی هەندێک لە ئایدیالیستەکان بوو، ئەوەتا ئەمڕۆکە لە بزووتنەوەی چینی کرێکار و بزووتنەوەی سۆشیال دیموکراتیدا *(سۆشیالیزم)* شێوەی گرتووە. لە سەردەمی شۆڕشی گەورەی فەرەنسی درووشمی (ئازادی، یەکسانی، برایەتی) لەلای چینی بۆرژوازی جگە لە درووشمی نمایشی هیچی تر نەبوو. هەر لەو کاتەدا هەمان ئەم دروشمانە تەنها ئاخێک بوو لەناو گەروی خەڵکدا. بەڵام ئەم دروشمە ئەمڕۆ هاواری سوپایەکی گەورەی چەندان میلیۆنی چینی کرێکارە لە جەنگە ترسێنەرەکەیاندا.

### *ئەو ڕۆژە نزیک بووەتەوە کە ئەمە شێوەبگرێت و ببێتە ڕاستی.*

لەساڵی ١٧٩٣ خەڵکی خوارەوە لە پاریس بۆ ماوەیەکی کەم دەسەلاتی گرتە دەست، بەڵام بێتوانا بوون لەوەی کە بتوانن ئەم دەسەڵاتە بەکاربهێنن بۆ ئازادی چینایەتی خۆیان. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، چینی پرۆلیتاریا لەهەموو وڵاتانی جیهان دەستی کردووە بە شەڕێکی پایەدار و بێ ماندووبوون، کە لەهەمان کاتیشدا شەڕێکی ئابووری و سیاسییە.

ئەو ڕۆژەی پرۆلیتاریا دەسەڵاتی سیاسی دەگرێتە دەست *(شۆڕش دەکات، وەرگێر)*، دەبێتە ڕۆژی ئازاد بوونی ئابووری و کۆتایی چینایەتی.

ناوەندی کۆمۆن
سۆشیالیزم
Commune Centre
Socialism